www.kurdistannet.org
05/03/2003 13:23

# راگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەی کۆنسەی بەرێوەبەر

( کۆبونەوەی : دووەمین. رۆژی ١/٣/٢٠٠٣)

برۆکسل، ١ /٣ / ٢٠٠٣

کۆنسەی بەرێوەبەر کۆبونەوەی دووەمینی لە ناوەندی خۆی لە برۆکسل بە بەشداری هەندێ ئەندامی کۆنگرە وەکو میوان پێکهانی. لەم کۆبونەوەیەدا گفت و گۆی هەمەلایەنە لە سەر باری سیاسی جیهان و کوردستان کرا.

هەرەشە و هێرشەکانی دەوڵەتی تورك بۆ سەر گەلی کوردستان بوون بە بابەتی سەرەکی کۆبونەوە. دەوڵەتی تورکیا لە لایەکەوە خۆی بۆ داگیرکردنی باشوری کوردستان ئامادە دەکا و لە لایەکی تریشەوە لە سەر گەلی کورد لە باکوری کوردستان سیاسەتی تەریکی و سەرکوتگەری بەرێوە دەبا. بەم شێوەیە دەوڵەتی تورك هەوڵدەدا گەلی کورد لە گۆرانکارییەکاندا بێ ستاتو بهێڵێتەوە و خەبات و لزاڤەکەی تێك بدا. ئەم پلانانەی تورکیا رەوشی کوردستان ئاڵۆز تر دەکا و هەرەشە لە بەرژەوەندییەکانی کورد دەکا و رێگە لە بەردەم رژێمەکانی ئێران و سوریا دەکاتەوە بۆ هێرش کردنە سەر بزاڤی گەلی کورد.

کۆنسەی بەرێوەبەر پلان و سیاسەتەکانی تورکیای هەمەلایەنە هەڵسەنگاند. لە بەرامبەر ئەم مەترسییانەدا کۆنسەی بەرێوەبەر داوا لە هەموو کوردستانیان دەکا لە هەموو پارچەکانی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات بە هەموو شێوازێك هەڵوێستی خۆیان لە بەرامبەر ئەم مەترسیانە دەربخەن و و پەرە بە خەباتی سەرهەڵدان و خۆپیشاندانی دیموکراتی خۆیان بدەن.

کۆنسەی بەرێوەبەر پشتگیری خۆی بۆ هەڵوێستی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ( پەرلەمانی باشوری کوردستان) لە دژی هەرەشە و گورەشەکانی تورکیا رادەگەیەنێ وداخوازی ئەوە دەکا کە پەرلەمان ببێتە ناوەندی شەرعیەت و لە سەر هەڵوێستی بەردەوام بێ و گەلی کوردستان مۆبیلیزە بکات لە دژی ئەو هەرەشە و مەترسیانە.

کۆنسەی بەرێوەبەر لە هەموو گەلی کوردستان و ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان داوا دەکا کە لەم کاتە مێژوویيەدا و لە هەموو بۆنە گرنگەکاندا وەکو رۆژی ٨ ئازار رۆژی ژنانی جیهان و لە ١٦ ئازاردا لە یادی کۆکوژی هەڵەبجەدا و رۆژانی نەورۆزدا چالاکانە بەشداری بکەن و ئەرکی نەتەوەیی و بەرپرسیاری مێژوویی خۆیان بەجێ بێنن.

کۆنسەی بەرێوەبەر لە یادی ٢٤ ساڵەی کۆچی دوایی بارزانی نەمردا خەبات و تێکۆشینی مەزنی ئەو سەرکردەیەی بەرێزەوە وەبیر هێنایەوە.

کۆنسەی بەرێوەبەر بریاری لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە وەرگرت :

١. پێویستە لەم کاتە دژوارەدا هەموو پارت و هێز و رێکخستن و سازی کوردستانی تێکەڵی و هاوکاری خۆیان بەهێزتر بکەن و خەبات و چالاکیەکانیان ببنە بنگەیەك بۆ یەکێتی نەتەوەیی. کۆنسەی بەرێوەبەر بریاری دا کە کۆنگرەی نەتەوەیی لەم بوارەدا پێشەنگ بێ.

٢. بۆ بەرپەرچدانەوەی پلان و سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورك و بۆ ئەوەی کار و خەبات لەم بارەیەوە بە شێوەیەکی باش بەرێوە ببرێ، کۆنسەی بەرێوەبەر کۆمیتەیەکی تایبەتی دامەزراند. ئەم کۆمیتەیە لە تەك پێکهێنانی هەموو بریارەکانی کۆنسەی بەرێوەبەردا، بریاری دا بە بەشداری رۆشنبیران و هونەرمەندان و

www.kurdistannet.org
05/03/2003 13:23

جەماوەری کورد چالاکیەکی پرۆتیستۆیی لە دژی سیاسەتی دەوڵەتی تورك لە رۆژی ١٧ ئازار لە برۆکسل پێك بێنێ.

٣. کۆنسەی بەرێوەبەر پێشوازی و پشتگیری لە سەرهەڵدان و خۆپیشاندانی دیموکراتی گەلی کوردستان لە دژی سیاسەتەکانی تورکیا دەکا و بە پێویستی دەزانێ کە لە رۆژانی داهاتودا پەرە بەم چالاکیانە بدرێ.

٤. کۆنسەی بەرێوەبەر جارێکی تر سیاسەتی گۆشەگیرکردنی سەرۆکی شانازی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان رێزدار عەبدوڵا ئۆجەلان لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە شەرمەزار دەکا و سڵاو لەو چالاکیانە دەکا کە لە دژی ئەو سیاسەتە پێکدێن و داوا دەکا پەرەیان پێ بدرێ و ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەیی و گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەگەرمی بەشداری تێدا بکەن.

٥. کۆنسەی بەرێوەبەر داوا لە هەموو پارت و هێزە سیاسیەکان دەکا کە لە دژی ئەو سیاسەتانە کە لە بەرامبەر گەلی کورد دەکرێن بە هەموو شێوەیەك ئامادەکاری بۆ خۆپاراستنن پێك بێنن. لە سەر ئەم بنگەیە پێویستە لە نێو هێزە نەتەوەییەکاندا دیالۆگ و خەباتی هاوبەش بکرێن.

٦. هەروەها کۆنسەی بە پێویستی دەزانێ کە لەم کاتە ناسکەدا گرنگی بدرێ بە پەیوەندی لە گەڵ ئەو هێزانەدا کە باندۆریان لە سەر ناوچەکە و جیهان هەیە. لەم بوارەدا داخوازی لە هەموو سازی و دەزگا سیاسیەکان دەکرێ کە پەیوەندی دیپلۆماسی و سیاسی خۆیان لە سەر بنگەی بەرژەوەندی نەتەوەیی و بە هاوکاری یەکدی بەرێوە ببەن.

کۆنسەی بەرێوەبەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان